هەرێمی کوردستان/ عێراق

ئەنجومەنی وەزیران

إقليم كوردستان/ العراق

مجلس الوزراء

# بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران
# ژمارە (٣٩) لە ٢٠١٩/١١/٢٧

پشتبەست بە ئەحکامی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەمواركراو، و لەبەر ڕۆشنایی کۆنووسی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٥) لە ٢٠١٩/١١/٢٧، بڕیاردرا بە:

١. ڕاسپاردنی هەردوو بەڕێزان (وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار) و (وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان) بۆ خستنەڕووی زانیارییەکانی ئەو ڕاپۆرتەی کە بەڕێز وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار لە کۆبوونەوەی ئاماژەپێدراوی سەرەوە پێشکەشی کرد، بۆ بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانیش بەتایبەتی لیژنەی شارەوانی و وەڵامدانەوەی سەرنج و تێبینییەکانیان لەسەر پرۆژەی پێوەری ئاوی ماڵان.

٢. ڕاسپاردنی هەردوو بەڕێزان (وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو) و (وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان) و (لیژنەی کاروباری یاسایی لە ئەنجومەنی وەزیران) بۆ پێداچوونەوە بە یاسای ئاودێری ژمارە (٦)ی ساڵی ١٩٦٢ کە یاسایەکی زۆر کۆنە و بەسەرچووە و ڕێگە نادات بە خاوەن زەوی کشتوکاڵی سوود وەربگرن لە ئاوی ڕووبارەکان.

٣. وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن.

مەسرور بارزانی

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران